# ڤان ئیرۆتیك

( 6_ كۆتایی )

قوبادی جەلی زادە



## گەردەلوول

دیسان کێ ،
_ با _ ی تووڕە کردووە !؟

## تەرزە

باران ،
ئەوەندە بۆ دیدەنی گوڵ ،
هەناسەی ساردی هەڵکێشا
تا بوو بەتەرزە !

## فڕان

_ با _ نێرە ..
ئەوە نییە ، بە تەنافی جلەوە ،
تەنیا :
ژێرکراس و
مەمکبەندو
دەرپێی ژن دەفڕێنێت !

## پۆشاك

دارستان ،
بۆ کڕینی پۆشاك ..
بەرووتی ،

چۆته بازاڕی ژنان !

## پایز

پایز به گۆچانی _ با –
لەدەرگە و
به نینۆکی باران ،
له پەنجەره دەدات !

## توانەوە

بەفر ،
قژی به پەشتەماڵی تیشك و
قاچی ، لەبەر ئاگردانی زەویدا ،
ووشك دەكاتەوە !

## دەسنوێژ

له رۆخی كانیلەیەكدا ،
چناریك ،
كەوشەكانی داكەندووه و
دەستنوێژ هەڵدەگرێت !

## پرخە

باغ له گۆڕستان دەچێت ...
مات .
له نێو تەرمی گەڵا ڕژاوەكاندا ،
تەنیا ،
پرخه پرخی پایز !

## قۆڵ

لقی رووتی سپیداره ، بەم مانگه شەوه
لەو دیو پەنجەرەوە دەبریقێتەوە ،

یا قۆڵی سپی و لووسی ژنە ،
پەنجەرە دەسڕێ !

## هەنار

پایز دەستی بە رووت کردنەوەی
درەخت کرد .
کراسی لەبەر خۆخ دادڕی .
سەرپۆشی مێوی فڕێدا .
ستریێژی لە هەرمێ داماڵی .
هەناریش ،
بە تای ستیان و لیباسێکەوە ،
شەرمەندە وەستاوە !

## گەڵا

درەخت ژنی پایزە ..
کە گوێی لە کۆکەی مێردەکەی دەبێت ،
گەڵا
گەڵا
دایدەکەنێت !

## زەوی

کە بە پێوە بوو زەوی ،
شۆڕەژنێك بوو نادار .
کەچی کە راکشا ،
کەللە سەری بوو بە چیا .
قژ : بە دارستان .
چاو : بە کانی .
دەم بە ئەشکەوت .
مەمك : بە گرد .
سك : بە پێدەشت .
گەڵ : بە چەمی ئاودار .
هەر چوار پەلیشی ،

بە رووبار !!

## مەستی

مانگ ناخواتەوە ..
کەچی پێش ئێمە لەسەر مێزەکەیە .
کاتێکیش بە مەستی دەمانبینێت ،
دووشێکی تەزیومان بۆ دەکات ،
لە تریفە !

## شەل

_ با _ بە شەلە شەل ڕێ دەکات .
شەو خۆی کێشاوە بە قەدی
پیرە دارێك !

## ڕژان

ئاسمان وا تێدەگات ، زەوی
ژنێکە هەمیشە ڕووت ...
بۆیە لە ڕۆژێکدا ، دەیان جار ،
ئاوی دەهێنەوە !!

## تریفە

کەخۆر ئاوا دەبێت ، مانگ بە پەلە
خۆی ڕووت و قووت دەکاتەوە .
جگە لە شۆرتی تریفە ،
مانگ شتێ تر
ناکاتە بەر .